# ئازادکردن  بە کەفالەت، دوودیمەنی لێکچوو لەدوو مێژووی جیاوازدا!

عبدالله مەحمود
abdulla.mahmud@gmail.com

بە تۆمەتی بەشداری لە خۆپیشاندانی! ڕۆژی 16/3/ 2006 هەڵەبجە ئەو 8کەسەی کە لە زیندانەکانی ئاسایشی یەکێتی نیشتمانیدا مابونەوە، هەریەکەیان بە کەفالەتی 250ملیۆن دینار کە دەکاتە 20 هەزار دۆلار ئازادکران.

ئێمەش ساڵی 1982 بە تۆمەتی بەشداری لە خۆپیشاندانی یادی بۆمبارانی 1974 قەڵادزێدا، لە لایەن ئاسایش بەعسەوە دەسگیرکراین و پاشان بە بڕی 50 هەزار دینار ئازادکراین، بەڵام ئێمە هێندە لە زینداندا نەهێلراینەوە.

دوای بۆمبابارانی شاری قەڵادزی لە لایەن ڕژێمی دڕندە بەعسەوە لە ساڵی 1974، هەموو ساڵێك خەڵکی قەڵادزی لەساڵیادی ئەم دڕندایەتیەی بەعسدا، و هاوکات بۆ ڕێزنان لە گیانی سەدان کەس کە لە ئاکامی ئەم بۆمبارانەدا بوونە قوربانی، بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم یادە دەکرایەوە، هەموو ساڵێکیش ڕژێمی بەعس ئامادەکاری لەخۆی نیشانئەدا بۆ بەرگرتن بەهەر جموجۆڵێکی خەڵکی لەخوێن هەڵکێشراوی ئەمشارە. بەڵام ساڵ بەساڵ یادی ئەم کارەساتە تێکەڵی دەیان کارەساتی تری دەستی بەعس دەبوو، بۆیە سەرئەنجام لەساڵی 1982 سەرباری ئامادەباشی بەعس و میلیتاریزەکردنی شارو گۆرستانی گیانبەختکردوان، یادی کارەساتی 1974 بە خۆپیشاندانێکی فراوانی جەماوەری و بەدروشمی" نەتۆپ نەتەیارە نایترسێنێ ئەم شارە"، لەسەر گڵکۆی قوربانیانەوە دەستی پێکرد، بەڵام زۆر زوو لە لایەن هێزی تایبەتی سوپاو دەزگای ئاسایشی بەعسەوە، خۆپیشاندەران کەوتنە بەردەم تەقەو داپلۆسین سەرئەنجام لەو ڕێگایەوە بڵاوە بە خۆپیشاندەران کراو "سنەوبەر مەحمود و دایکە ئامینە" گیانیان لەدەستداو ژمارەیەکیش لەوانە عومەری خدر نورەدینی و عوسمان عبدالله و چەند کەسێکی تر بریندار بوون، و نزیکەی 49 کەسێکیش دەسگیرکران، لەناودەسگیرکراوەکاندا من و 8 کەسی تر لەوانە " مامۆستا خدر بەڕێوەبەری ناوەندی وئامادەیی قەڵادزی ی ئەوکاتە، لەتیف عبدالله سالح، دڵشادی مام تەها، سەلیم.... چەند کەسی تر کە بەداخەوە ناوەکانیانم لە بیرنەماوە، ڕاپێچی دەزگای ئەمن کراین و ئەوانی تریش لە قوتابخانەیەکدا زیندانی کران، ئەمشەوە بۆ بەیانی ڕژێم لەترسی تەنینەوە خۆپیشاندانەکە ئێمەی هەریەك بە کەفالەتی 50 هەزار دینار ئازاد کرد.

16/3 ئەمساڵیش خەڵکی هەڵەبجە، وەکو ساڵانی پێشوو بەمەبەستی یادکردنەوەی هەڵەبجە، بەڵام بەشێوازی نوێ و بە وەڕێخستنی خۆپیشاندان و هێنانەگۆڕی خواستەکانیان ویستیان ڕێز لە قوربانیانی بە غازخنکێنراوی خۆیان بکەنەوەو یادەوری ئازیزانیان لەدەستی دەسەڵات دەربهێنن و خۆیان بەوجۆرەی

دەیانەویّت ڕیّز لە ئازیزانیان بگرن، بۆ ئەم مەبەستە بە ئاشکراو بە ئاگاداری هەموو خەڵکی کورستان نەخشەی خۆپیشاندان و خواستەکانی خۆیانیان ڕاگەیاند، ئەوە بوو لە 3/16 خۆپیشاندانیان وەڕیّخست، و خواستەکانی خۆیان بەرزکردەوە، وڕیّگەشیان گرت لەوەی وەکو سالانی رابردوو بەرپرسانی سەر بەدەسەلات لەگەڵ وەفدی وولاتەکان بیّن و لەبەردەم مۆنۆمیّنتی هەڵەبجەدا، لەناو تونیلی خەم و بیّدەنگیدا فیستیفاڵ وەڕیبخەن و پەیام و وادەی ڕەنگاورەنگ بدەن و فرمیسکی خەڵکی هەڵەبجە بکەنە دەستمایەی هەلوشینی داهات و پیّکەوە نانی سەروەت و چەند سەد مەتر ئەولای مۆنۆمیّنتەکەش بشارنەوە، کە خەڵك لە چ ژیانیّکی دۆزەخاوی و بیّخزمەتیدا ژیاندەکەن، بەڵی خەڵك خۆپیشاندانیان کرد، و دەسەلاتیش لەناو حەرەمی پیرۆزی مۆنۆمیّنتی هەڵەبجەوە بە گوللە و داپلۆسین وەلامی خۆپیشاندەران و خواستەکانیانیان دایەوەو کە لە ئاکامدا کەسیّك گیانی لەدەستداو زیاتر لە 10 کەس بریندار بوون و زیاتر لە 60 کەسیّك دەسگیر کران و پاشان فەزای عەسکەرتاری و رەشبگیری دەستی پیّکرد، کە بەناچار بەدەیان کەسی تریش ناچار بەخۆشاردنەوەکران یان هەڵەبجەیان جیّهیّشت و ئاوارە بوون.

بەڵی دوای ئەوەی لە ژیّر گوشاریّکی زۆردا ژمارەیەك لە گیراوەکان ئازاد کران، ژمارەیەکیان لە زینداندا هیّلرانەوەو بریار بوو ئەوانەی کە گوایە دەستیان بووە لە سوتاندنی مۆنۆمیّنتەکەدا لە سیّدارە بدریّن و حوکمی ئیعدام بەسەریاندا جیّ بەجیّبکریت، پاش لوتف و مەرحەمەتی دەسەلات بەخەڵك و هەوڵی دلسۆزان ئەو 8 کەسەی کە مابوونەوە لە زیندان بە کەفالەت ئازادکران و بۆهەریەکەیان 20 هەزاردۆلار دانرا.

چ ئیّمە کە لە 1982 بە کەفالەت ئازادکراین و چ ئەوانەی ئیّستا ئازادکراون بەکەفالەت، دوودیمەنی لیّکچوون لەدوو میّژووی دیاریکراوی دوو دەسەلاتدا، دیمەنی دەسەلاتی بەعس لە لایەك و دیمەنی دەسەلاتی کوردی لەلایەکی ترەوە، هەردوولا بۆ بەرگرتن بەخۆپیشاندان و وەلامدانەوە بەخواستەکانی خەڵك، زەبروزەنگ و کوشتار و زیندانی کردن،پاشانیش ئازادکردنی گیراوەکان بە کەفالەتە، دەی خەڵکی ئینسان دۆست و پیّشکەوتنخواز ئیّوە بلیّن، ئەم دوو دەسەلاتە لە ناوەرۆکدا جیاوازیان چی یە؟

ئەم دوودەسەلاتە یەکیّکیان چارەنوسی بەکردەوە دەرکەوت، چارەنوسی ئەم دەسەلاتەش کەکۆپی دەسەلاتی بەعس دەکات و رەفتاری ئەو بەدەستەوەدەگریّت لەبەرامبەر داخوازی و نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکی ، باشتر نابیّت لەهی بەعس، خەڵکیش سەرکوت و زیندان و بیّماف ناویّت، دزی و تالانی تاسەر پیّ قبوڵ ناکریّت، ئەمە خەڵەف و کازمەکان بیکەن یان نەوزادو ئازادەکان، بەجلی کوردیەوە بیّت یان جلی مغاویری، بەکوردی قسە بکەن یان بە عەرەبی و...تاد. میّژوو ئینسانەکان دەیخولقیّنن، ئایندە میّژوویەکی نەنوسراوە، بەلام میّژوو زنجیرەیەك ڕوداویشە، ڕوداوو کارەساتەکانی" هەڵەبجەو قەلادزیّ" بەشیّکن لە میّژووی هاوچەرخ، کە قابیلی لەبیرچونەوە نین. ئەم فایلی بە کەفالەت ئازادکردنەش فایلی شکستخواردوی بەعس و شیخەکانی سعودیەو ئیرانی کۆنەپەرستی ئیسلامی یە، دادی هیچ دەسەلاتیّك نادات و هیچ ناڕەزایەتی و تیّکۆشانیّکیشی پیّ بەربەست ناکریّت.

2006-4-22